www.kurdistannet.org
22/07/2003 23:06

# ساته نۆقرەنەگرەکان و دونیایەك لە چش

**"مردووەکان!، ئێوە ئێستا لێرەدا بە ئاسوودەییەوە سەرتان ناوەتەوە، هیچ ئاگاتان لە دونیا نییە "**

جەلیل موحەممەد قولی زادە – مردووەکان.

خەسرۆ پیربال

لە ساتەکانی بێ تۆیمدا تەنها باران مێوانمە

تەمەنێکی کورت و شەوانی درێژ و پڕ ئازار دەمهەژێنن

هەموو ڕۆژێك لە مەعبەدی چاوەکانت نوێژم بۆ ئاو دەکرد

لەوێدا، هەموو شتەکانم نیان بوون

مەخابن

مەستی ئێوارانیشم کاڵ بۆتەوە

مەستی و ساتە شەنگوڵەکانیشمان لەبیرچوونەوە

ڕەشەبایی نیگات/ تیشکی چاوەکانت/ بۆنی لەشت/ حەزەکان و ساتە شەیتانییەکانت لە بیابانی تێنووی حەزەکانم خۆیان هەڵدەخەن

و بە دوایی کۆدی خۆشەویستیی مۆدێرندا دەگەڕێن و نایدۆزنەوە. .

سێبەری ڕۆحت و ڕۆناکیی چاوەکانت، لەگەڵ دوایین ماڵئاواییمان

بۆ هەتا هەتای قەدەر وون بوون

چێژی ماچت، پەنجەرەیەك بوو بۆ قوڵاییی ڕۆحت

منیش لە خۆشەویستیدا، مەلەنەزانێکی کێوی

زوڵفت، ڕەشماڵێکی ئاوەدانە و لەژێریدا ماندوییم دەرەوێتەوە

باران. . باران. . باران

باران، وەك کۆرەیەك گۆچانی ونکردبێ

پێ دەکوتێ و دەست دەگێڕێ

کوکوختییەکانیش کۆچ دەکەن

ئاویش، جۆگەلەی خۆی بزر دەکا و بەرەو وارێکی نادیار سەرهەڵدەگرێ

ئەوەی ئەم بەیانییە

لە باران جێما

مستێك پەشیمانییە و هیچی تر نا

ئەوەی لە خۆشەویستی جێما

بێهوودەیی و دەریایەك فرمێسکن

دۆستە سەرمەستەکەم!،

من دەمەوێ سەرلەنوێ

لەوێ، دیسانەوە

پاشنیوەڕۆ سەعات دە و نیوو، لەدایك ببمەوە

دەخوازم بێمەوە

دەخوازم بێمەوە، بێ گریان بێمەوە

گریان. . گریان. . گریان

مەخابن، ژیان هەمووی گریان بوو

www.kurdistannet.org
22/07/2003 23:06

سرووشتێك تژی گریان

هاوڕێی تەنیام!

تۆیش لە دووای چرکەکانی پەشیمانی و تەنیاییدا وێڵی

دەزانم، چاوەکانت بڕیوەتە کوڵانە بزرەکانی منداڵی و ساتە ئۆقرەنەگرەکان

تۆ غەریبیی جەنگ دەکەیەوە

چرکەکانی بێهوودەیی و تەنیاییت دیسانەوە بەرەو جەنگت دەبەنەوە

ئێمە هەموومان منداڵی جەنگین و غەریبیی جەنگ دەکەینەوە

جەنگێك، بۆ ئەوەی توڕەییمان تیایدا هێورکەینەوە

جەنگێك، بۆ ئەوەی تەنیاییمان تێدا بڕەوێنینەوە

جەنگێکی پاك

جەنگێك، یادەوەریی شکستی و دوودڵیمان لەبیر بەرێتەوە

نشووستی/تەنیایی/بێزاری/بێدەنگی/خۆخوراندنێکی بێهوودە/ماندووبوونێکی بەردەوام/ خۆشەویستی/نەویستیخۆشی/ خۆنەویستی/ ساتەکانی تەنیایی

پڕن لە وردە بەردەکانی قەراغ زەریا

لەوێ، چیی تر باران نابێتەوە مێوانمان

شەپۆلە نەرم و نیانەکانی تێکەڵبوونمان، چیی تر نهێنییەکانمان ناگرنەخۆ

ئیتر دەبێت من و ئاو، یۆڵداش بین لەگەڵ تەنیایی

ئەز لەگەڵ باران بدوێم و لەگەڵ هەوریش سەما بکەم

لە چاوەڕوانیشتدا

سێ هەنجیری شیرین و سێوەکەت بۆ هەڵدەگرم

دولبەرەکەم ! هەمان سێوی جاران، بۆ گوناحێکی تر

لە چاوەڕوانیتدا، وەکوو باران بە ناخی زەویدا شۆڕدەبمەوە و بزر دەبم

بزر د ە ب م

فینلەندا – ٢٠٠٣/٧/١٥

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org